یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



## راپۆرتێک لەبارەی:

# تاوان لە گەرمیان،
# رێژە و جۆر و هۆکارەکانی

ئاداری 2026

## بەشی یەکەم: ئامارەکانی تاوان لە گەرمیان

**١. بەراوردی ئاماری تاوانەکانی تۆمارکراو لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان لە ساڵانی ٢٠٢٣، ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥**

| ژ | جۆری تاوان | ساڵی 2023 | ساڵی 2024 | ساڵی 2025 |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کوشتنی پیاو | 7 | 5 | 15 |
| 2 | خۆکوشتن | 11 | 11 | 2 |
| 3 | کوشتنی بەهەڵە | 1 | 6 | 4 |
| 4 | شەڕکردنی جۆراوجۆر | 488 | 515 | 468 |
| 5 | دزیینی ئۆتۆمبێل | 1 | 3 | 1 |
| 6 | دزیی جۆراوجۆر (دزیی قورس + دزیی سوک) | 649 | 509 | 445 |
| 7 | رفاندن | 5 | 15 | 4 |
| 8 | خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی | 361 | 282 | 240 |
| 9 | ساختە و تەزویر | 38 | 24 | 16 |
| 10 | بەڕەوشتی | 16 | 26 | 18 |
| 11 | فێڵ | 191 | 190 | 188 |
| 12 | هەڕەشەکردن | 367 | 430 | 336 |
| 13 | 21/چەک | 79 | 50 | 90 |
| | کۆی گشتی | 2214 | 2076 | 1827 |

## ٢. ئاماری سزادراوان لە بەشی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی گەرمیان

| 2025 | 2024 | مانگ |
|---|---|---|
| 70 | 98 | **1** |
| 207 | 57 | **2** |
| 138 | 95 | **3** |
| 76 | 162 | **4** |
| 233 | 216 | **5** |
| 63 | 80 | **6** |
| 25 | 34 | **7** |
| 56 | 55 | **8** |
| -- | 127 | **9** |
| 21 | 60 | **10** |
| 83 | 2 | **11** |
| 18 | 27 | **12** |
| 990 | 1013 | کۆی گشتی |

### ٣. ئاماری ساڵی ٢٠٢٥ لە بەشی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان

| جۆری تاوان | ژمارەی تاوان | ژمارەی دەستگیرکراوان |
|---|---|---|
| کوشتن | 11 | 25 |
| دزیی | 278 | 193 |
| کێشەی موبایل | 163 | 114 |
| ساختە "تەزویر" | 15 | 15 |

### ٤. ئاماری نوسینگەی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لە گەرمیان

| ساڵ | ژمارەی پەراوی لێکۆڵینەوە |
|---|---|
| 2023/8/1 بۆ 2024/1/1 | 80 |
| 2024/1/1 بۆ 2025/1/1 | 151 |
| 2025/1/1 بۆ 2026/1/1 | 178 |

## بەشی دوەم: نەخشەی تاوان لە گەرمیان؛ جۆرە بڵاوەکانی تاوان

### ١. تاوانی کوشتن

یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی تاوان لە گەرمیان، کوشتنە بەهۆی کێشەی زەویوزارەوە، بەجۆرێک کە بەشێکی زۆری کوشتنەکانی ساڵی ڕابردو لە ئەنجامی کێشەی زەویوزار بوە لە گوندەکانی سنوری گەرمیان و هۆکاری ئەمەش بۆ کۆنیی یاساکانی تایبەت بە زەویوزار دەگەڕێنرێتەوە.

دادوەر د. ئاوات حاجی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک/ گەرمیان، جیاکاری دەکات لە نێوان کوشتن لە ناو شار و دەرەوەی شار و ئاماژە بەوە دەکات کە یاساکانی ڕێکخستنی زەویوزار لە عێراقدا کە مێژوەکەیان بۆ دوای ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، هێندە ئاڵۆزن وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو وان، ئەمە کێشەی زۆری بۆ جوتیاران دروستکردوە.

جەختیش دەکاتەوە کە سەرجەم ئامارەکانی تاوان بەراورد بە ساڵی ڕابردو کەمی کردوە، تەنها حاڵەتی کوشتن نەبێت کە بەهۆی دو کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە گوندەکانی سنورەکە کەمێک زیادی کردوە، دەشڵێت لە ناو شارەکاندا کوشتنی پلان بۆداڕێژراو یان باندی تاوانکاریمان نییە، بەڵکو زۆربەی کوشتنەکان ئانی و کتوپڕن و لە ئەنجامی دەمەقاڵێی سادە ڕودەدەن.

هاوکات سەربەرز عومەر، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، ئاشکرای دەکات کە زۆربەی کوشتنەکانی ساڵی ڕابردو ئاراستەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبوە و پەیوەندییان بە کێشەی زەویوزار یان ناکۆکیی نێوان دو گوندەوە هەبوە، کە لای خەڵک و میدیا وەک «کێشەی کۆمەڵایەتی» پێناسە دەکرێن، بەڵام پۆلێنکردنی وردی یاسایی لە ناو دادگاکان و پەراوەکانی لێکۆڵینەوەدا دیاری دەکرێت.




دەستگیرکردنی ژمارەیەک تۆمەتباری تاوانێکی کوشتن

سەرچاوە: پەیجی پۆلیسی گەرمیان

## ٢. تاوانی مادەی هۆشبەر

«ئەگەرچی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان هێشتا نەبوەتە دیاردە، بەڵام مەترسییەکانی رو لە زیادبونن. بەهۆی دراوسێیەتیمان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر، بوینەتە رێڕەوێکی تێپەڕبون، بەڵام جێگەی داخە بەشێک لە گەنجانی ئێمەش بونەتە قوربانی و گیرۆدەی دەبن؛ ئەم دۆخەش پێویستی بە بەدواداچونی ورد و لێکۆڵینەوە و چارەسەری بەپەلە هەیە». دادوەر ئاوات حاجی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوک/ گەرمیان، وای وت.

هاوکات شیلان جەواد، پارێزەر، دەڵێت: «کەیسی مادەی هۆشبەر بەتایبەتی لەناو گەنجان و مێردمناڵاندا زۆرە، چونکە گەرمیان ناوچەیەکی سنورییە و کۆنترۆڵی تەواو لەسەر دەروازەکان نییە، رۆژانە دەبینین لە ئاسایش خەڵک گیراوە کە حەپ و مادەی هۆشبەری پێبوە».

لەبارەی ئەوەی تا چەند تاوانە قورسەکان پەیوەندییان بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە هەیە؟ سۆران محەمەد، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی تاوان لەگەرمیان، دەڵێت: بەڵێ پەیوەندی هەیە، بەڵام ڕێژەکەی کەمە و نەبوەتە دیاردە.

وتیشی: لە لێکۆڵینەوەکانماندا تێبینیمان کردوە کە بەشێکی کەمی تاوانە قورسەکانی وەک کوشتن، بریندارکردن، خنکاندن و تاوانە سێکسییەکان، لەژێر کاریگەریی مادە هۆشبەرەکان و کحولییەکاندا ئەنجام دراون، ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردوشدا چەند تاوانێکی کوشتن بەو هۆکارە تۆمارکراون، بەڵام ڕێژەکە هێشتا زۆر کەمە و لەو ئاستەدا نییە وەک دیاردە بناسێنرێت.

دۆسییەکانی مادەی هۆشبەر لەلایەن ئاسایشەوە لێکۆڵینەوەی تێدادەکرێت و ئامارێکی دۆسییەکانمان لە گەرمیان دەستنەکەوت.

## ٣. تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی

لەگەڵ هەڵکشانی خێرای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا ، جۆرێکی نوێ لە مەترسی بەرۆکی هاوڵاتییانی گرتوە کە تێیدا مۆبایل و ئەکاونتەکان لە ئامرازی پەیوەندییەوە گۆڕاون بۆ ئامرازی هەڕەشە و سەرانەوەرگرتن. ئەم تاوانانە کە زۆربەی کات ژنان و ناوبانگی خێزانەکانیان دەکەنە ئامانج.

دادوەر ئاوات حاجی، سەبارەت بە برەوی ئەم جۆرە تاوانانە ئاماژە بەوە دەکات کە لەئێستادا زۆربەی پەیوەندییەکان و تەنانەت مامەڵەکانی کڕین و فرۆشتنیش بونەتە ئەلیکترۆنی، بۆیە تەکنەلۆژیا رۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا دەبینێت. ئەو دەڵێت: «ئەم پێشکەوتنە وەک چەکێکی دوسەرە وایە؛ چۆن قازانجی هەیە، بە هەمان شێوەش دەکرێت بۆ مەبەستی تاوانکاریی، قۆڵبڕین و هاککردن بەکاربهێنرێت، هەر ئەم بەکارهێنانە بەرفراوانەی ئامێرە ئەلیکترۆنییانەش وایکردووە مەترسییەکانی ئەم جۆرە تاوانانە لەناو کۆمەڵگەدا زیاتر پەرە بسێنن.

«زۆربەی ئەو تاوانانەی بە ناوی هاککردن بڵاودەبنەوە، لەڕاستیدا تەنها تەڵەیەکی سادەی فێڵکردنە بە ناوی (فیشینگ) کە تێیدا تاوانباران پەنا بۆ هەڵخەڵەتاندنی هاوڵاتییان دەبەن». زانا بەکر، لێپرسراوی نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لەگەرمیان، وای وت.

رونیدەکاتەوە کە تاوانباران بە بیانوی تیروپشک یان خەڵات، داوای کۆدی مۆبایل لە هاوڵاتییان دەکەن و لەڕێگەیەوە دەبنە خاوەنی ئەکاونتەکانیان.

ئەو دەڵێت: ئەم جۆرە تاوانانە زیاتر روبەڕوی ژنان و کەسانی بەتەمەن دەبنەوە، زۆربەی کێشە ئەلیکترۆنییەکانی ژنان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی «سناپچات»ەوە دەستپێدەکات و لەوێدا کەسانێک بەبێ ئاگاداریی کچان وێنە و ڤیدیۆ تایبەتییەکانیان لەڕێگەی تۆمارکردنی شاشەوە دەردەکەن و دواتر وەک ئامرازێکی هەڕەشە بۆ وەرگرتنی پارە و یەکلاییکردنەوەی کێشە شەخسییەکان بەکاریدەهێنن.

وتیشی: لە ٩٠٪ی کەیسەکاندا تاوانبار و قوربانییەکە یەکتری دەناسن.

لێپرسراوی نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لەگەرمیان، ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەوان لە نێوان کێشە کۆمەڵایەتییەکان و رێکارە یاساییەکاندا گیریان خواردوە، بۆیە زۆرجار هەوڵ دەدەن پێش ئەوەی کێشەکە بگاتە ئاستی سکاڵای فەرمی، بە ئاسانترین شێوە چارەسەری بکەن تا رێگری لە تێکچونی شیرازەی خێزانەکان بکەن.

ئەو تیشکدەخاتە سەر لایەنێکی تری ئاڵۆزیی لێکۆڵینەوەکان و دەڵێت: «زۆرجار سکاڵایەکی سادە دەبێتە سەرەداو بۆ ئاشکراکردنی چەندین تاوانی تر؛ هەندێکجار سکاڵاکارەکە خۆی تێوەگلاوە لە تاوانێکی دیکەدا کە لە ناو مۆبایلەکەیدا دەیدۆزینەوە، ئەو کاتە بەڵگەکان دەکەین بە پەڕاو و دەیخەینە بەردەست دادوەر.»

شیلان جەواد، پارێزەر، نمونەی چیرۆکی کچێک دەگێڕێتەوە کە تەنها دوای ناردنی کۆدێک، هەمو وێنەکانی لە فەیسبوک بڵاوکراونەتەوە و بەو هۆیەوە تەڵاق دراوە.

لەڕوی ئاستەنگە تەکنیکییەکانەوە، زانا بەکر ئاشکرای دەکات کە نەبونی ئۆفیسی فەرمی کۆمپانیاکانی وەک (مێتا و سناپچات) لە عێراق، گەورەترین گرفتە، جگە لەوەی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی هی ساڵی ٢٠٠٨ـە و کۆنە و باسی پێشکەوتنەکانی وەک زیرەکی دەستکرد ناکات.

سەبارەت بە قورسترین لێکەوتەکان و ئەو تاوانانەی لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی رودەدەن، سۆران محەمەد، بەرێوبەری بەڵگەکانی تاوان لە گەرمیان، جەخت دەکاتەوە کە پشکنینی ئامێرەکان بوەتە بەشێکی سەرەکی لە ئاشکراکردنی پاڵنەری تاوانەکان و تێبینیمان کردوە بەشی زۆری قوربانیان ژنانن کە بەهۆی فشاری کۆمەڵگەوە زۆرجار پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، تەنانەت حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتنی پیاوانیش بەهۆی ترس لە ئابڕوچون تۆمار کراوە.

وتیشی: ئەگەرچی ئەم حاڵەتانە بونیان هەیە، بەڵام ڕێژەیان کەمە و هێشتا نەبونەتە دیاردە.

## ٤. تاوانی دزیی

تاوانی دزییی لە سنوری گەرمیان پێشەنگی هەمو تاوانەکانی دیکەی گرتوە و بەپێی ئامارە فەرمیەکان، بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردوە.

ئەحمەد فەتاح، بەڕێوبەری بەشی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان، تیشکدەخاتە سەر لایەنە مەیدانییەکە و دەڵێت: تەنها لەمساڵدا ٢٧٨ حاڵەتی دزیی لە ناو شاری کەلاردا تۆمار کراوە، ئەو هۆکاری ئەم زیادبونە بۆ بێکاری دەگەڕێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک کەس دزییان کردوەتە پیشەی سەرەکیی خۆیان.

دەشڵێت: بەتایبەت دزیینی ماتۆڕسکیل کە زۆرترین ڕێژەی تاوانەکانی دزییە، هەروەها هەندێک تاوانی وەک دزیینی ئاڵتون بە شێوەی گروپ کەچەند کەسێک پێکەوە و بە پلانی پێشوەختە ئەنجامی دەدەن.

هاوکات، سۆران محەمەد، بەڕێوبەری بەڵگەکانی تاوان، باس لە شێوازی پلاندارشتن بۆ ئەم دزییانە دەکات و دەڵێت: «ڕێژەیەکی کەمی تاوانەکان بە پلان ئەنجام دەدرێن، بەڵام دزیینی ماتۆڕسکیل و نوسینگەکانی گۆڕینەوەی دراو، لەو جۆرە تاوانانەن کە پێشوەختە بەرنامەیان بۆ دادەنرێت.»

ڕونیکردەوە: تاوانباران چاودێریی ئەو کەسانە دەکەن کە لە نوسینگەکان پارە وەردەگرن یان مامەڵەیەکی داراییان هەیە و پارەکەیان لە ناو سەیارەکاندایە، پاشان لە دەرفەتێکی گونجاودا کارەکەی خۆیان ئەنجام دەدەن.

باسی لەوەشکرد گروپێک هەن کە دزییان کردوە بە «پیشە» و بە پلان و بەرنامە لە ناوچە جیاوازەکاندا ئۆتۆمبێل و پارە دەدزن. هەروەها ئاماژە بە جۆرێکی دیکەی دزیی دەکات کە لە ناوخۆی خێزانەکان و لەلایەن خزمە نزیکەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

وتیشی: قەرەباڵەغی شار و تێکەڵبونی دانیشتوان لە ناوچە جیاوازەکانەوە، بوەتە هۆی کەمبونەوەی پابەندبون بە بەها و عورفە کۆمەلایەتیەکان، ئەمەش زەمینەی بۆ زیادبونی تاوانەکان خۆشکردوە.

جەختیش لەوە دەکاتەوە: کە ئەگەرچی تاوانباران هەوڵی شاردنەوەی شوێنپەنجە و بەڵگەکان دەدەن، بەڵام توانراوە بەشێکی زۆری بکەرەکانیان بدۆزرێنەوە و تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەمی تاوانەکان بە نادیاریی ماونەتەوە.



دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی دزییکردن

سەرچاوە: پەیجی پۆلیسی گەرمیان

## ٥. تاوانی فێڵ و قۆڵبڕین

له ئێستادا پرسی فێڵ و قۆڵبڕین یەکێکە لەو تاوانانەی کە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان جەخت لە هەڵکشانی ڕێژەکەی دەکەنەوە و بە پرسێکی هەستیار هەژماری دەکەن کە پێویستی بە هەڵوەستەی جددییە.
دادوەر د. ئاوات حاجی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوک/ گەرمیان، لەم بارەیەوە دەڵێت: «قۆڵبڕینی ئەلیکترۆنی و فێڵە داراییەکان لەو پرسە هەستیارانەیە کە بەدیدەکرێن، سەرەڕای ئەوەی هێشتا نەبونەتە دیاردەیەکی گشتگیر، بەڵام مەترسییەکانیان بەرچاوە».
دەشڵێت: بەداخەوە لە ئەنجامی مامەڵەکردن لەڕێگەی ئینتەرنێت یان نوسینگەکانی دراوە خەڵکێکی زۆر پارەیان دەخورێت، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش پابەندنەبونی خۆیانە بە مەرج و ڕێکارە یاساییەکان؛ هەربۆیە ئەرکی لەپێشینەیە کە بەدواداچونی ورد بۆ ئەم پرسەکە بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ دابنرێت.
هاوکات پارێزەر نەشاد عومەر، هۆشداریی دەدات و دەڵێت: فێڵی دارایی لە ڕادەبەدەر زیادیکردوە و شێوازێکی باند ئاسای وەرگرتوە، بۆیە هاوڵاتییان پێویستیان بە هۆشیاریی یاسایی هەیە و نابێت بەئاسانی متمانە بکەن.
دەشڵێت: بەداخەوە، بەشێک لە قوربانییانی ئەم تاوانانە کەسانی ناسراون و بەرپرس و خوێندەوارن، کە پارەکانیان خوراوە، بەڵام لە ترسی ناوزڕاندن و پێگەی کۆمەڵایەتییان ناوێرن تاوانەکە ئاشکرا بکەن و بێدەنگی هەڵدەبژێرن.
لەبەرامبەردا پارێزەر شیلان جەواد، سەبارەت بەجۆری ئەو فێڵانەی لەدادگاکانی گەرمیان زۆرن، دەڵێت: فێڵکردن بە شێوازی جیاواز زۆر بوە، بەڵام ئەوانەی زۆر زەقن، کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلە لە پێشانگاکان؛ هەندێک کەس بە عەقدی پێشانگا ئۆتۆمبێل دەبەن و پارەکەی نادەن و کات بەکاردەهێنن بۆ دانەوەی و نایدەنەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی فێڵکردنەوە.
ڕونیکردەوە: هەروەها مامەڵەی نوسینگەکانی دراو و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان کە بەڵێنی قازانجی خەیاڵی دەدەن، لە ئێستادا ڕێژەیان ڕوی لە زیادبون کردوە و ژمارەیەکی زۆر لەو کەیسانە لە دادگاکان تۆمارکراون.

## ٦. شەڕکردن؛ کاتێک دەمەقاڵێی سادە دەبێتە تاوانی کوشتن

شەڕکردن و هەڵچونی کتوپڕی گەنجان، ڕوخسارێکی مەترسیداری بە تاوانەکانی ناو شار لە گەرمیان بەخشیوە. ئامار و لێدوانی بەرپرسانی ئەمنی و دادوەری ئاماژە بەوە دەکەن کە چەقۆ شانبەشانی چەک بوەتە ئامرازی سەرەکیی کوشتن و تاوان، ئەمەش وایکردوە پۆلیس و ئاسایش پشکنینە مەیدانییەکانیان بۆ ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان توندتر بکەنەوە.
سۆران محەمەد، بەڕێوەبەری بەڵگەکانی تاوان لە گەرمیان، ئاشکرای دەکات کە چەقۆ بوەتە ئامرازی سەرەکیی کوشتنی گەنجان لە ناو شاردا و دەڵێت: «جۆری ئەو ئامرازانەی لە تاوانەکاندا بەکاردێن بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێن، بە جۆرێک لەناو شارەکاندا کوشتنەکان زیاتر لە ئەنجامی هەڵچونی کتوپڕی گەنجانە و زۆربەیان بە چەقۆ ئەنجام دەدرێن، ئێستا ڕێژەی بەکارهێنانی چەک و چەقۆ لە تاوانەکاندا لە یەکترەوە نزیکن.»
ئەم مەترسییە لە لایەن پسپۆڕانی یاساییشەوە هەستی پێکراوە. نەشاد عومەر، پارێزەر، ئاماژە بە بەرزبونەوەی بەرچاوی ڕێژەی تاوانەکانی شەڕکردن دەکات و هۆشداری دەدات لەوەی کە بەکارهێنانی چەقۆ لەناو گەنجانی کەلاردا زیادیکردوە.
جەختیشدەکاتەوە کە زۆرێک لەو تاوانە گەورانەی لێکەوتەی مەترسیداریان هەبوە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەقۆ و ئامرازە تیژەکانەوە بون.
لەلایەکی دیکەوە، د. ئاوات حاجی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوک/ گەرمیان، تیشکدەخاتە سەر هۆکارەکان و دەڵێت: «ئەوەی لە ناو دادگاکاندا دەیبینین، زۆرجار کوشتنەکان لە ئەنجامی دەمەقاڵەیەکی سادە یان کێشەیەکی ناو یارییەکەوە ڕویداوە؛ بەداخەوە ئێستا خەڵک لەڕوی دەرونییەوە نائارامن، ئەمەش وایکردووە کێشەیەکی بچووک خێرا بگۆڕێت بۆ تاوانی کوشتن.»
بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دۆخە، هێزە ئەمنییەکان ڕێکارەکانیان توندترکردوەتەوە. سەربەرز عومەر، لێپرسراوی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، باس لەوە دەکات کە مەفرەزەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش، شەوانە لە ناو بازاڕ و کافتریاکاندا پشکنین بۆ دۆزینەوەی چەک و چەقۆ دەکەن.
وتیشی: پۆلیس بەپێی ڕێژەی تاوانەکان ڕێکارەکانی دەگۆڕێت، هەرکاتێک هەست بکەین تاوان ڕو لە زیادبونە یان حاڵەتێکی کتوپڕ بێتە پێشەوە، ڕێگەی توندتر دەگرینەبەر وەک دانانی بازگەی زیاتر و زیادکردنی مەفرەزەکان لە ناو شاردا.
سەبارەت بەوەی ئایا گەڕەکێک یان ناوچەیەک هەیە تاوانی تێدا زۆر بێت لەلای هێزەئەمنیەکان وەک خاڵی گەرم دەستنیشانکرابێت؟
سۆران محەمەد، بەڕێوەبەری بەڵگەکانی تاوانی گەرمیان دەڵێت: بەحوکمی سروشتی کۆمەڵایەتی و چڕی دانیشتوان، جیاوازی لەنێوان گەڕەکەکان هەیە، هەندێک جۆری ئەخلاقیات لە هەندێک گەڕەک بوەتە کەلتور کە نەوەی دوای خۆیان لاسایی دەکەنەوە، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان زۆربەی گەڕەکەکانیان کۆنترۆڵ کردوە.
لەبەرامبەردا، ئەحمەد فەتاح، بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوان، دەڵێت: «ناوچەیەکی دیاریکراومان نییە وەکو خاڵی گەرم دەستنیشانمان کردبێت کە تاوانی زیاتری تێدا ڕوبدات، ناوچەکان وەکو یەک وان.

## بەشی سێیەم: هۆکارەکانی بون و بەربڵاویی تاوان

### ١. گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی

پسپۆران کۆکن لەسەر ئەوەی گۆڕانکارییە خێراکانی کۆمەڵگەی کوردی هۆکارێکی سەرەکی زیادبونی تاوانەکانە.
هاوار کەریم، پسپۆڕی کۆمەڵناسی، ئاماژە بەوە دەکات: کۆمەڵگەی کوردی لەم چەند ساڵەی رابردودا بەرەو کرانەوەیەکی ناڕێکخراو رۆیشتوە، پێی دەوترێت «کۆمەڵگەی راگوزەر»، واتە لە قۆناغی گواستنەوەدایە لە کۆمەڵگەی کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن، ئەمەش بە شەو و رۆژێک دروستنابێت و دەبێتە هۆی کاڵبونەوەی بەهاکان و دروستبونی ئازارێک کە لە کۆمەڵناسیدا پێی دەوترێت تاوان.
ئەو پسپۆرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێمە دەمانەوێت لە بەها کۆنەکان رزگارمان بێت و دەست بە بەهای ترەوە بگرین کە هێشتا کۆمەڵگە ئامادە نییە بۆی، بۆیە زۆر کەس بەرگە ناگرێت و پەنا بۆ تاوان دەبات.

هاوکات یوسرا یوسف، توێژەری دەرونی، هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچونە و دەڵێت: «لە کاتی گۆڕانکارییە خێراکاندا، وەک ئیمێل دۆرکایم دەڵێت، یاسا و نەریتە کۆنەکان هێزیان نامێنێت و تاک هەست بە ونبون دەکات، بۆیە پەنا بۆ رەفتاری لادەر دەبات و زۆرجاریش بێئاگایانە لاسایی ئەو مۆدێلە تاوانکارییانە دەکاتەوە کە لە سۆشیال میدیا دەیانبینێت».
دەشڵێت: چیتر تاوانەکان وەک دیاردەیەکی شۆککەرنامێننەوە، بەڵکو گۆڕاون بۆ هەواڵێکی سادەی رۆژانە، ئەم گۆڕانکارییەش وەک نیشانەیەکی مەترسیداری قوڵ بۆ سەر ئاسایشی دەرونی و کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت، چونکە کاتێک کۆمەڵگە بەرامبەر توندوتیژی هەستی نامێنێت، زەمینە بۆ دروستبونی تاوانی زیاتر خۆش دەبێت.

### ٢. هۆکارە ئابورییەکان

قەیرانی ئابوریی و بێکاریی، وەک بزوێنەرێکی سەرەکی تاوان لە گەرمیان دەستنیشان دەکرێن.
هاوار کەریم پسپۆڕی کۆمەڵناسی، دەڵێت: «قەیرانی سیاسی قەیرانی ئابوری دروست دەکات، قەیرانی ئابوریش تاوان دروست دەکات، ئەمە گریمانە نییە، بەڵکو توێژینەوەکان جەختی لێدەکەنەوە».
هاوکات یوسرا یوسف، توێژەری دەرونی، دەڵێت: «پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان بێهیوایی گشتگیر و هەڵکشانی توندوتیژییدا هەیە. لە هەرێمی کوردستان و گەرمیان، بەهۆی ناسەقامگیریی موچە و بازاڕی کار و تێچوی بەرزی ژیان، ئاستی بێهیوایی لەناو گەنجان زیادی کردوە، ئەمەش رێژەی شەڕەنگێزیی زیاد دەکات».
لەبەرامبەردا ئەحمەد فەتاح، بەڕێوبەری بەشی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان، لەڕوی مەیدانیەوە پشتڕاستی ئەم خاڵە دەکاتەوە و دەڵێت: «زیادبونی تاوانی دزیی دەگەڕێتەوە بۆ بێکاریی، کە هەندێک کەس کردویانە بە پیشە».
هاوکات سۆران محەمەد، بەڕێوبەری بەشی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان، ئاماژە بەوە دەکات کە بەشێک لە دزییەکان بەهۆی هەژاریی و خراپی باری ئابورییەوەیە و گەنجان داواکارییان زۆرە و داهاتیان نییە، لەبری کارکردن پەنا بۆ دزییکردن ئەبەن، چونکە ناتوانن پێداویستەکانی ژیانیان دابین بکەن.
دەشڵێت: هۆکارەکانی پشت تاوانی دزیی جۆراوجۆرن؛ بەشێکیان پەیوەندییان بە لایەنی ئابوریی و بێکارییەوە هەیە، بەتایبەت لەناو گەنجاندا کە بەهۆی زۆریی پێداویستییەکانی ژیان و نەبونی داهات، پەنا بۆ دزیی دەبەن.
لایەنی پەروەردەی خێزانیش، وەک هۆکارێکی دیکە دەبینرێت کە تێیدا کەسەکە گوێ بە لێکەوتە یاسایی و کۆمەڵایەتییەکانی کارەکەی نادات.
شیلان جەواد، پارێزەر، لەمبارەیەوە نمونەی زیندو دەهێنێتەوە و دەڵێت: کەیسی وامان هەیە کەسەکە یەکەمجارە دزیی دەکات و زۆر پێویست «محتاج» بوە، هەربۆیە دەستی بۆ دزیینی مۆبایل بردوە و پارەکەی بۆ بژێوی خێزانەکەی بەکارهێناوە.

## ٣. چەک و چەکی بێ مۆڵەت

چـەک و بەکارهێنانی و بڵاوی بونـی چەک، لەو هۆکارانەن کە لە زیادبونی تاوانەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێت.
سەربەرز عومەر، لێپرسراوی راگەیاندنی پۆلیسی گەرمیان، ئاماژە بـەوە دەکات گەرمیان سـنورێکی فراوانی هەیە و خەڵکێکی زۆر لـە ناوچەکانی خـوارو (ناوچـە دابڕێنـراوەکان) دەوام دەکەن و لێرە نیشـتەجێن، کە دەستگەیشـتن بە چەک لەوێ قورس نییە. هەروەهـا زۆرێک لە چەکە بێ مۆڵەتەکان پاشـماوەی سـەردەمی شەڕی داعش و ململانێکانن و خەڵک لای خۆیان هێشتویانەتەوە.
دەشـڵێت: هەرچەنـدە بەپێی یاسـا نوێیەکـەی حکومەتی هەرێم رێکاری توند گیراوەتەبەر، بەڵام فراوانیی سنوری گەرمیان لەگەڵ ناوچەکانی خـواروی عێراق، رێگرە لـە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتیی دۆخەکە. لەگەڵ ئەوەشـدا، هێزەکانمان چاودێرییەکی ورد دەکەن و لە کاتی هەر روداو و سەرپێچییەکدا چەکی بێ مۆڵەت ببینرێت، دەسـتبەجێ دەستی بەسـەردا دەگیرێت و رێکاری توندی یاسایی بەرامبەر هەڵگرەکەی دەگیرێتەبەر.
سـەبارەت بـە چەکی هێـزە ئەمنییەکانیـش، وتـی: رێنماییمان دەرکردوە کە کارمەندان نابێت چەک ببەنەوە ماڵەوە و دەبێت لە جبەخانە دایبنێن، ئەمە تا رێژەی ٨٥٪ جێبەجێ کراوە، بەڵام لە هەندێک بنکەی دورەدەست بەهۆی نزیکییان لە ناوچەی مەترسیی تیرۆرەوە، پاساوی یاسایی هەیە کە چەک ببەنەوە.
لـە لایەکـی دیکەوە، فرۆشـیارێکی چەک لە کەلار کە نەیویسـت ناوی ئاشـکرا بکرێت، تیشـکدەخاتە سەر بازاڕی چەک و دەڵێت: «لـە ئێسـتادا نرخی کلاشـینکۆف لە بـازاڕدا لـە ٥٠٠ هەزارەوە دەستپێدەکات».
ئـەو فرۆشـیارە جەخـت دەکاتەوە کـە چەک تەنها بە کەسـانی خاوەن کار، ئاژەڵدار و خاوەن کۆمپانیا دەفرۆشن و دەڵێت: «ئەو چەکانـەی تاوانی پێ دەکرێت لە شـارەکانی دەرەوەی هەرێمەوە دەهێنرێـن، چونکـە گروپی ئۆنلاینی چەک لە بازاڕی رەشـی ئەو ناوچانە هەیە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدان.
دادوەر د. ئاوات حاجی، ئاماژە بەوە دەکات کە پلانێکی هاوبەش لەنێوان دادگا و هێزە ئەمنییەکاندا هەیە بۆ دەستبەسـەرداگرتنی چـەک، بەڵام جەخت دەکاتـەوە کە بنبڕکردنی ئـەم دیاردەیە لە دەرەوەی شـارەکان بەهۆی پێویستیی جوتیاران بۆ خۆپاراستن و بارودۆخی ئەمنی، کارێکی ئەسـتەمە. ئەو پێیوایە کێشەکە تەنها لە بونی چەکدا نییە، بەڵکو دەبێت خەڵک وا پەروەردە بکرێن کە لە کاتی کێشەکاندا پەنا بۆ گفتوگۆ و دادگا ببەن نەک کوشتن.

هـاوکات ئەحمەد فەتاح، بەڕێوبەری نەهێشـتنی تاوانی گەرمیان، ئاشکرای دەکات کە ساڵی رابردو لە کۆی ١١ حاڵەتی کوشتن، ٤ حاڵەتیان بە چەکی بێمۆڵەت بوە.
لەمبارەیـەوە دادوەر د. ئاوات حاجی، رونیدەکاتەوە کە تاوانەکان تەنهـا بە چەکی بێمۆڵەت ئەنجام نادرێـن و دەڵێت: هەندێک لەو کەیسانەی دێنە بەردەممان، بەو چەکانە ئەنجام دراون کە مۆڵەتی فەرمییـان هەیـە؛ زۆرجـار تۆمەتبارەکـە خۆی کارمەنـدی هێزە ئەمنییەکان یان پێشـمەرگەیە، بـەڵام کاتێک لە گوندەکەی خۆی کێشـەیەکی لەسەر زەویوزار بۆ دروست دەبێت، هەمان ئەو چەکە بەکاردەهێنێت کە پێیەتی و دواتر پاسـاوی ئەوە دەهێنێتەوە کە چەکەکە هی خۆیەتی و بە پارەی خۆی کڕیویەتی.
لەلایەکی دیکەوە، نەشاد عومەر، پارێزەر، رەخنەی توند لە حزبە باڵادەستەکان دەگرێت و بە هۆکاری بڵاویی دیاردەی بونی چەکیان دەزانێت. وتی: زۆرجار ئەو کەسـانەی تەقە دەکەن، پشـتگیریی سیاسـییان هەیە، ئەمەش وایکردوە کە یاسا نەتوانێت بە تەواوی کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات.
دەشڵێت: «حزبە دەسەڵاتدارەکان هۆکاری یەکەمن بۆ بونی چەک. ئەو کەسـەی چەک هەڵدەگرێت و تەقە دەکات، زۆرجار کەسـێکی دەسـەڵاتداری لەپشـتە و لێپرسـینەوەی لەگەڵ ناکرێت. ئەوانەی چەک دەبەنەوە ماڵەوە زۆربەیان پاسـەوانی بەرپرسەکانن. وڵاتی ئێمە لە دۆخی جەنگدا نییە تا هاوڵاتی ئاسایی چەکی پێبێت».
هـاوکات، د. رێبـوار محەمەد، پسـپۆڕی یاسـایی و مامۆسـتای زانکـۆ، دەڵێت: بەداخەوە لە هەرێمی کوردسـتاندا مۆڵەتی چەک بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی دراوە، هەڵگرتنـی چەکـی بێ مۆڵەت خۆی لە خۆیدا تاوانە، بەڵام زۆرجار دادگاکان سـزاکەی رادەگرن، ئەمەش وادەکات تاوان لە کۆمەڵگەدا زیاد بکات.
دادوەر د. ئـاوات حاجـی، جەخت لەگرنگـی کۆنترۆڵکردنی چەک دەکاتـەوە بـۆ کەمکردنەوەی جۆری تاوانە قورسـەکان و دەڵێت: کۆنترۆڵکردنی چەک دەبێتە هۆی ئەوەی تاوانەکان سوکتر بن و لە کوشـتنەوە بگۆڕێن بۆ شەڕکردن یان بریندارکردن، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بە تەواوەتی توانای خۆی لەمبارەیەوە بخاتەگەڕ. ئاماژە بەوەشدەکات کە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و هاوسنوری لەگەڵ ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی، رەنگە بنبڕکردنـی چـەک بـە رێژەی ١٠٠٪ ئەسـتەم بێت، بـەڵام ئەگەر بتوانرێت ٧٠ بۆ ٨٠٪ـی چەکی بێمۆڵەت کۆنترۆڵ بکرێت، دیاردەی تاوان لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.



## ٤. سزاكان و رۆڵیان لە كەمكردنەوەی تاوان

پرسی سزادانی تاوانباران لە هەرێمی كوردستان لە ئێستادا روبەڕوی كێشەیەكی گەورە بوەتەوە، كە بریتییە لە جیاوازی نێوان دەرچونی بڕیاری دادگاكان و جێبەجێكردنیان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكارەوە.

پسۆرێكی یاسایی رەخنە لە جێبەجێنەكردنی سزاكان دەگرێت. د. رێبوار محەمەد، سەرۆكی بەشی یاسا لە زانكۆی گەرمیان، ئاماژە بەوە دەكات كە یاساكانی پەیوەست بە سزادان گونجاون، بەڵام كێشەكە لە جێبەجێكردنیان دایە.

دەڵێت: هەمو سزادانێك دو ئامانجی سەرەكی هەیە، چاكسازی لە كەسەكە و چاوترساندنی خەڵكانی تر، بەڵام بۆ ئەو تاوانە گەورانەی دەچنە چوارچێوەی مادەی ٤٠٦ی یاسای سزادان، مەترسی تاوانكارییان هێندە بەرزە كە قابیلی چاكسازیی نین. هەرچەندە دادگاكان سزای شایستەی لەسێدارەدان دەردەكەن، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێكارەوە سزاكە راگیراوە و ئەمەش وایكردوە سزاكە ئامانجی خۆی نەپێكێت.

دەشڵێت: ئەم سستییە لە جێبەجێكردنی سزاكاندا و بەتایبەت راگرتنی سزای لەسێدارەدان بە شێوەیەكی نایاسایی، وایكردوە تاوانی كوشتنی وەحشیگەریانە و بەكۆمەڵ لە حاڵەتەوە بەرەو دیاردەبون بڕوات. ئەو جۆرە تاوانبارانە شایەنی ئەوە نین بخرێنە چوارچێوەی چاكسازییەوە، بۆیە باشترین هەڵبژاردە جێبەجێكردنی سزاكەیە بەسەریاندا، تا ببێتە هۆی ئەوەی كەسانی تر جورئەتی ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانە نەكەن.

لە پاڵ ئەمەشدا، پرسی لێبوردنی گشتی وەك هۆكارێكی تری زیادبونی تاوان دەبینێت، چونكە بە وتەی د. رێبوار محەمەد، ئەمە جۆرێكە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادوەر و وادەكات تاوانباران بەو باوەڕەوە تاوان بكەن كە دواجار لێبوردن دەیانگرێتەوە، ئەمەش وەكخۆی وتی: «هەوڵی پۆلیس و دادوەران بەهەدەر دەدات».

لە لایەكی ترەوە، دۆخی زیندانەكان خۆیان بونەتە گرفتێكی گەورە، بە جۆرێك كە لەبری چاكسازیی، بونەتە شوێنی فێربونی تاوانی نوێ. نەبونی پۆلێنكردنی زیندانییان بەپێی جۆری تاوانەكانیان، وایكردوە تاوانبارانی بچوك لەگەڵ كەسانی مەترسیدار تێكەڵ ببن. دادوەر د. ئاوات حاجی، سەرۆكی دادگای تێهەڵچونەوەی كەركوك/ گەرمیان، ئاماژە بەوە دەكات كە جیاكردنەوەی زیندانییان پێویستی بە بودجەیەكی زۆرە، هەر بۆیە دادگاكان هەوڵ دەدەن سزای جێگرەوە وەك پێبژاردن یان هەڵپەساردنی سزا بەكاربهێنن تا رێگری لە تێكەڵبونی تاوانباری نوێ لەگەڵ بكوژان بكەن.

پارێزەر نەشاد عومەریش هۆشداری دەدات كە ئەم تێكەڵاوبونە ترسی زیندانی لای گەنجان شكاندوە و تەنانەت هەبونی «فایلی تاوان» لای هەندێكیان بوەتە جێگەی شانازیی، ئەمەش ئاماژەیەكی مەترسیدارە كە سزاكان كاریگەریی «تەمێكردنیان» لەدەستداوە.

## ٥. نەبونی تاقیگە لە گەرمیان

سۆران محەمەد، بەڕێوبەری بەشی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوانی گەرمیان، بە نیگەرانییەوە باس لە کەمی پێداویستی دەکات: «پۆلیسی گەرمیان هێشتا نەگەیشتوەتە ئاستی پۆلیسی جیهانی لە روی تەکنەلۆژیاوە، لە گەرمیان تاقیگەی پشکنینی مۆبایل و DNAمان نییە، دەبێت نمونەکان بنێرین بۆ سلێمانی یان هەولێر، ئەمەش کاتێکی زۆر دەبات».
وتیشی: پرۆژەمان پێشکەشکرد وە بۆ کردنەوەی تاقیگە، چونکە گەرمیان ناوچەیەکی فراوانە، بەڵام تاقیگە پارەی زۆری دەوێت و هێشتا بۆمان نەکراوە.
هاوکات محەمەد ئەحمەد، لێکۆڵەری مافپەروەر لەبەشی نەهێشتنی تاوانی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە زۆر پشت بە راپۆرتی بەڵگەکانی تاوان دەبەستین بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکان، بەڵام نەبونی تاقیگە لە گەرمیان گرفتمان بۆ دروست دەکات.
«بەکارهێنانی بەڵگەی زانستی دەبێتە هۆی سلەمینەوەی تاوانباران، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە کەیسە ئاساییەکانی هاوڵاتییاندا، سود لە تەکنیکی DNA وەرناگیرێت، هەرچەندە ئەم توانایە لە هەولێر هەیە، بەڵام بەهۆی تێچوی زۆر و نەبونی بڕیاری سیاسی بۆ بەکارهێنانی گشتی، تەنها بۆ کەیسی تایبەت بەکاردێت، ئەمەش وایکردوە ئەو زانستە نەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ کەمکردنەوەی تاوان و ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی». چالاک محێدین، پسپۆڕی زانستی تاواناسی و DNA، وای وت.
بەرپرسان و پسپۆڕانی تاواناسی هۆشداری دەدەن کە دەستواردانی خەڵک لە شوێنی روداوەکان، رەوتی ئاشکراکردنی راستییەکان تێکدەدات، ئەمەش بۆ ناهۆشیاریی خەڵک دەگەڕێننەوە.
لەمبارەیەوە، سۆران محەمەد، بەرێوبەری بەشی بەڵگەکانی تاوانی گەرمیان دەڵێت: «یەکێک لەو گرفتانەی کە هەیە هاوڵاتیانن، بەداخەوە هۆشیاریی یاسایی هاوڵاتییان زۆر کەمە؛ زۆرجار پێش گەیشتنی پۆلیس، خەڵک دەستکاریی شوێنی تاوان دەکەن و بەڵگەکان تێکدەدەن. بۆ نمونە لە کەیسی خۆکوشتندا، دەستلێدانی چەکەکە لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە، پەنجەمۆری زۆر لەسەر چەکەکە دروستدەکات و پرۆسەی سەلماندنی راستییەکان بۆ ئێمە ئەستەم دەکات. لە کاتێکدا ئەگەر شوێنەکە دەستکاری نەکرێت، ئێمە دەتوانین بە وردی بەراوردی پەنجەمۆر و بەڵگەکانی دیکە بکەین و راستییەکە ئاشکرا بکەین».
وتیشی: سەرەڕای ئەو بەربەستانەش، تیمەکانی پۆلیس بەهۆی ئەزمونی زۆر و خولی پسپۆڕییەوە، شارەزایی تەواویان لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان هەیە و هەوڵدەدەن لەرێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنیکییەوە ئەو بەربەستانە تێپەڕێنن.
هاوکات چالاک محێدین، پسپۆڕی تاواناسی و DNA، ئەم دۆخە وەک گرفتێکی گەورەی لێکۆڵینەوە دەبینێت و دەڵێت: ئەوەی خەڵک بە ناوی یارمەتیدانەوە دەچنە شوێنی تاوان و بەڵگەکان لەناودەبەن، کێشەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتی قوڵە، ئەم دەستتێوەردانانە رەوتی لێکۆڵینەوە بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە دەبەن و تەنانەت ژیانی قوربانییەکەش دەخەنە مەترسییەوە.
دەشڵێت: هۆکاری سەرەکی ئەمەش نەبونی هۆشیاریی یاساییە لەلای هاووڵاتییان و کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە نەیانتوانیوە بە یاسا ئەم دیاردەیە قەدەغە بکەن و نە رێوشوێنی پێویست بۆ گەیشتنی خێرای تیمە پسپۆڕەکان بۆ شوێنی تاوان دابین بکەن.

## ٦. دەستێوەردانی عەشایەری

لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا، دەستێوەردانی حزبی و سوڵحی عەشایەری وەک شمشێرێکی دوسەر بەسەر دۆسیە یاساییەکانەوەن؛ لەلایەک دەبنە هۆی پەکخستنی دادپەروەریی و دەربازبونی تاوانباران لە سزادان، بەڵام لە هەمانکاتدا وەک ئامرازێکی ناچاریی بۆ رێگریکردن لە خوێنڕشتن و گەورەبونی کێشەکان سەیر دەکرێن.
لەمبارەیەوە، پارێزەر نەشاد عومەر، ئاماژە بەوە دەکات کە دەستتێوەردانی عەشایەری و حزبی هەندێکجار رێگرە لەوەی تاوانبار سزای شایستەی خۆی وەربگرێت، بەڵام جەخت لەوەشدەکاتەوە کە سوڵحی عەشایەری لایەنی ئەرێنیشی هەیە، ئەویش بچوککردنەوەی کێشەکان و رێگریکردنە لە تۆڵەسەندنەوەی زنجیرەیی.
هاوکات د. رێبوار محەمەد، پسپۆڕی یاسا، تیشکدەخاتە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم رێککەوتنە کۆمەڵایەتییانە و دەڵێت: ئەم دۆخە وایکردوە زۆرێک لە تاوانەکانی مافی تایبەت وەک تەشهیر و لێدان دابخرێن و سزاکان ئامانجی یاسایی خۆیان نەپێکن.
لە بەرامبەر ئەم فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەدا، دادوەر د. ئاوات حاجی، سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی کەرکوک/ گەرمیان، جەخت لە سەربەخۆیی تەواوی بڕیارەکانی دادگا دەکاتەوە و رایدەگەیەنێت کە هیچ جۆرە دەستتێوەردانێک قبوڵ ناکەن.
ئەو رەخنەی توند لەو کلتورە دەگرێت کە خاوەن کێشەکان کەسانی بەرپرس و دەستڕۆیشتو لەگەڵ خۆیان دەهێننە ناو دادگا و دەڵێت: ئێمە ئامادەین گوێ لە هەمو کەسێک بگرین کە کێشەی هەبێت، بەڵام بە مەرجێک خاوەن کێشەکە خۆی بێت نەک کەسی دیکە بهێنێت.
سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوە دوپاتیدەکاتەوە کە بۆ پاراستنی بێلایەنیی یاسا، زۆرجار دادگا رەتیکردوەتەوە گوێ لەو کەسانە بگرێت کە پەنایان بۆ کەسانی تر بردوە.

# بەشی چوارەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. ئامارەکانی تاوان و ئاماژەکانی
بەشێوەیەکی گشتی تاوانە تۆمارکراوەکان لەماوەی سێ ساڵدا (٢٠٢٣، ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥)، ساڵ دوای ساڵ کەمتر بوون وەکو ژمارە، بەڵام لە ئاستی هەر تاوانە و بەجیا، هەندێک جۆری تاوان هەیە بەپێچەوانەوە ژمارەیان زیادیکردوە.

٢. نایەکانگیریی یاسایی لەگەڵ واقیعی سەردەم:
گەورەترین هۆکاری بەشێک لە تاوانە مەترسیدارەکان (وەک کوشتن و تاوانە ئەلیکترۆنییەکان) بۆ کۆنیی یاساکان دەگەڕێتەوە. یاساکانی زەویوزار (١٩٥٨) و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی (٢٠٠٨) لەگەڵ پەرەسەندنە خێراکانی ئێستا ناگونجێن و بڕیارەکانی دادگا بەرەو بنبەست دەبەن.

٣. گرێدراویی ڕاستەوخۆی ئابوری و ئاسایش:
تاوانی دزیی و فێڵکردن لە گەرمیان تەنها وەک لادان نابینرێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بێکاری و قەیرانی داراییە. گۆڕانی «دزیی» بۆ «پیشە» لای هەندێک گروپ، نیشانەی تێکچونی بنەماکانی بژێوییە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی خستوەتە مەترسییەوە.

٤. کۆمەڵگەی ڕاگوزەر و قەیرانی بەهاکان:
گەرمیان لە قۆناغی گواستنەوەیەکی خێرادایە لە کۆمەڵگەیەکی کلتورییەوە بۆ مۆدێرنە. ئەم کرانەوە ناڕێکخراوە بوەتە هۆی دروستبونی بۆشایی بەهایی؛ بە جۆرێک کە نە یاسا و نە نەریتە کۆنەکان ناتوانن ڕێگری لە هەڵچونە کتوپڕەکان و توندوتیژییەکانی ناو شار بکەن.

٥. چەک وەک ئامرازی یەکلاکردنەوەی ململانێ:
بڵاویی چەکی بێمۆڵەت و نەبونی کۆنترۆڵی تەواو بەسەر بازاڕە ڕەشەکاندا، وایکردوە کێشە سادە و دەمەقاڵێکان بە خێرایی بگۆڕێن بۆ تاوانی کوشتن. پارێزبەندیی سیاسی و عەشایەریش کاریگەریی یاسای لە سزادانی هەڵگرانی چەکدا لاواز کردوە.

٦. تەکنەلۆژیا؛ مەیدانێکی نوێ و بێبەرگری:
تاوانە ئەلیکترۆنییەکان (بەتایبەت دژی ژنان) بونەتە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر شیرازەی خێزان. نەبونی ئۆفیسی فەرمیی کۆمپانیا جیهانییەکان و لاوازیی هۆشیاریی تەکنیکی، وایکردوە هاوڵاتییان بە ئاسانی بکەونە تەڵەی «قۆڵبڕینی ئەلیکترۆنی» و «هەڕەشەی ناوزڕاندن».

٧. بۆشایی تەکنیکی لە دامەزراوە ئەمنییەکاندا:
سەرەڕای هەوڵەکان، پۆلیسی گەرمیان لە ڕوی تەکنەلۆژیاوە (وەک تاقیگەی DNA و پشکنینی دیجیتاڵی) لە دواوەیە. ئەم کورتهێنانە زانستییە وایکردوە پرۆسەی دۆزینەوەی تاوانباران کاتێکی زۆر بخایەنێت و هەندێکجاریش بەڵگەکان لەدەست بچن.

٨. پەککەوتنی ئامانجی سزا و چاکسازی:
سیستەمی سزادان لە گەرمیان (و هەرێم بە گشتی) ئامانجە سەرەکییەکەی کە «تەمێکردن و چاکسازییە» نەپێکاوە. تێکەڵکردنی زیندانییان، جێبەجێنەکردنی سزای قورس و لێبوردنە گشتییەکان، ترسی لە دڵی تاوانباران شکاندوە و زیندانی لە شوێنی چاکسازییەوە گۆڕیوە بۆ شوێنی فێربونی تاوانی نوێ.

٩. دەستێوەردانی کۆمەڵایەتی و سیاسی:
سوڵحی عەشایەری و دەستێوەردانی حزبی وەک ڕکابەرێکی بەهێزی دادگاکان دەردەکەون. هەرچەندە هەندێکجار ڕژانی خوێن دەوەستێنن، بەڵام لە درێژخایەندا دەبنە هۆی «کوشتنی دادپەروەری» و هاندانی تاوانباران بۆ دوبارەکردنەوەی تاوان، چونکە پشتئەستورن بە پشتیوانییە دەرەکییەکان.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. پێویستە حکومەت و پەرلەمان پڕۆژەیاسایەکی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو یاسایانە ئامادەبکەن کە کۆنن و پێویستیان بە تازەکردنەوە هەیە، لەنمونەی یاسای زەویوزار و یاسای تاوانەکان و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیی.

٢. ناکرێت ناوچەیەکی وەک گەرمیان تاقیگەی مۆبایل و DNA نەبێت. بۆیە دەبێت بەپەلە بودجە بۆ کردنەوەی تاقیگەیەکی سەردەمیی دابین بکرێت تا پرۆسەی لێکۆڵینەوە خێرا بکرێت و تاوانباران نەتوانن لە سزا ڕزگاریان بێت.

٣. بۆ کۆنترۆڵکردنی چەک، جگە لە جێبەجێکردنی یاسای چەک، پێویستە حکومەت «بانکی زانیاریی چەک» دروست بکات کە تێیدا شوێنپەنجەی هەمو ئەو چەکانە تۆمار بکرێت کە مۆڵەتیان هەیە، تا لە کاتی بەکارهێنانیاندا خێرا بدۆزرێنەوە.

٤. بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکان و بەتایبەتی دزیی و هەمو ئەو تاوانانەی ڕەهەندی ئابوریيان هەیە، پێویستە حکومەت پەرەبدات بە کردنەوەی ناوەندی ڕاهێنانی پیشەیی و قەرزی بچوک لە گەرمیان، بەتایبەتیش ئەو گەنجانە بکاتە ئامانج کە لەو گەڕەکانە دەژین کە ڕێژەی دزیی تێیاندا بەرزە.

٥. حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کار بکات بۆ ناچارکردنی کۆمپانیاکانی وەک (مێتا و سناپچات) بۆ هەبونی نوێنەرایەتی یان هێڵی گەرمی خێرا بۆ یەکلاییکردنەوەی کەیسەکانی هەڕەشەی ئەلیکترۆنی.

٦. پێویستە زیندانەکان لە «شوێنی فێربونی تاوان»ەوە بگۆڕدرێن بۆ «سەنتەری چاکسازیی». پێویستە تاوانبارانی دزییە بچوکەکان یان خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، لە بکوژان و باندە مەترسیدارەکان جیا بکرێنەوە.

٧. وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە، ڕاگرتنی سزا بەبێ جێگرەوەی توند، جورئەتی تاوانباری زیاد کردوە. دادگاکان دەبێت لەو کەیسانەدا سزای توند و بێ لێبوردنی گشتی جێبەجێ بکەن.

٨. گرنگە دادگا و داواکاری گشتی بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدات «سوڵحی عەشایەری» ببێتە هۆی داخستنی مافی گشتی (الحق العام). هەر بەرپرسێک یان کەسایەتییەک فشاری هێنا بۆ دادگا، دەبێت وەک پەکخەری دادپەروەری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

٩. گرنگە دادوەری تایبەتمەند لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی بڕیارەکان وردتر بن و گونجاو بن لەگەڵ سەردەمی «زیرەکی دەستکرد».

١٠. پێویستە حکومەت و دادگا پەیوەندییەکی بونیادنەرانە لەگەڵ کۆمەڵی مەدەنی دروستبکەن و پێکەوە هەڵمەتی هۆشیاری بەرفراوان لەچەند ئاستێکدا ئەنجام بدەن:

ا. هاندانی کەمکردنەوەی تاوان و هۆشیارکردنەوەیان لەوبارەوە.

ب. هۆشیارکردنەوەی خەڵک کە دەستکاری شوێنی تاوان نەکەن.

ت. هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە هاوکارییکردنی حکومەت لەکاتی بونی تاوان و ئاگادارکردنەوەیان، دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ ئەپڵیکەیشنی تایبەتیش ببرێت کە ناسنامەی هەواڵدەرەکان بپارێزێت.

پ. هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەبارەی خۆپاراستن لەوەی ببن بە نێچیری تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، بەتایبەتی بۆ ژنان و مێردمناڵان.

ج. پێکهێنانی ئەنجومەنێکی هاوبەش لە (دادوەر، پۆلیس، توێژەری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵی مەدەنی و هاوڵاتیان) کە کار لەسەر ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە قوڵانە بکەن کە هێشتا نەبونەتە تاوان، بۆ ئەوەی پێشوەختە ڕێگری لە خوێنڕشتن بکرێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net